## کەی داوای لێبوردن دەکەن؟!

نورەدین سەعید وەیسی

nuradinwaisi@hotmail.com

بەداخەوە دەبێ بڵێم ئێمە جگە لە نیشاندانی زوڵم لێکراوی و (قوربانی) بوونی خۆمان، میکانیزمێکی دیکەمان نەبووە بۆ ئیشکردن لەسەر کۆست و مەرگەساتە نەتەوەییەکانمان، جگە لە یادکردنەوەیەکی شاعیرانەی رووت چ شێوازێکی دیکەمان هەبووە بۆ بەرزڕاگرتن و زیندوو هێشتنەوەی ئەو کارەساتانە لە یادەوەری نەتەوەییماندا؟، ئایا خەمسارییەکی گەورە نییە یادکردنەوەی کارەساتگەلی وەك ئەنفال و هەڵەبجە لە چەند رۆژێك و چەند سەعاتێکی دیاریکراودا کورت بکەینەوەو هەموو ساڵێك تەنها چاوەڕێی ئەو چەند رۆژو سەعاتە بکەین بۆ یادکردنەوەیان بەو شێوازە کلاسیکیەش کە لەسەری راهاتووین، کە جگە لەچەند بەیاننامە و لافیتە و چەند کۆڕو پیشانگا و چەند دەقیقەیەك وەستان هیچی دیکە نییە.!

لەوەش داخبارتر،نامانەوێ لەژێر جامانە خوێناویەکەیعومەری خاوەریش کۆببینەوەو لە یادکردنەوەیەکی ئاوەهادا هەڵوێست ناکۆکییەکانمان بۆ چەند سەعاتێك و تاکە رۆژێك و بۆ خاتری گڵکۆی پێنج هەزار شەهیدی بێناز وەلابنێین، هەروەك لە کامپینی ئەمساڵی هەڵەبجە و ئەنفال بینیمان.

ئەمرۆ  دوای تێپەڕبوونی چواردە ساڵ بەسەر ئەو کۆستە گەورەیەدا هەقە دان بەکەمتەرخەمی خۆماندا بنێین لەوەی نەمانتوانیوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتیش ئەوانەی راستەوخۆ هاوکاری رژێمیدڕندەی عیراقیان کرد لەو تاوانە بێ وێنەیەدا، ناچاری داوای لێبوردن و( رد اعتبار) بۆ بریندراربوونی ویژدانی نەتەوەییمان بکەین، هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە مەرگی پێنج هەزار کەسی بێتاوانی هەڵەبجەش کەمتر نییە لە مەرگی ئەو پێنج هەزارەی لەنیویۆرك و واشنتۆن مەرگباران کران، چش لە قەرەبوو کردنەوەی مادی و گیانی قوربانیانی هەڵەبجە، کە تا ئەمڕۆش بەدەست ئاسەوارەکانی چەکی بێ رەحمی کیمیاوی دەناڵێنن.

حکومەتی ئەڵمانیا لە کاتێکدا لەبەرامبەر رووداوی کارەساتی هۆلۆکۆست بەرەسمی داوای لێبوردنی لە ئیسرائیل کرد، کەچی لەبەرامبەر کارەساتی هەڵەبجەدا نەك هەر ئامادەی چوونە ژێر باری داوایەکی لەم چەشنە نییە، کە کۆمپانیاکانی بەشدارییەکی راستەوخۆیان هەبوو لەو مەرگەساتەدا، بەڵکو بەداخەوە ساڵی پار بۆند ستاگی ئەڵمانی ئەو پێشنیارە یپارتی سوسیال دیموکراتیشی رەتکردەوە کە دانیشتنێکی پەرلەمانی ئەڵمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەرپرسیارێتی کۆمپانیاکانیان لە کارەساتەکەدا تەرخان بکات.

شاری کۆست کەوتووی هەڵەبجەش لەدەمێکدا چاوەڕێی ئەوەبوو لە دوای راپەڕین، زامە قووڵەکانی نەختێك سارێژ بکرێن، کەچی مخابن تا هەنووکەش پشوویەکی کورتیشی نەداوەو لەسایەی هەژموونی دەسەڵا تی رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکانەوەوشەڕوبەرژەوەندییە حزبییەکان لە بێنازییەکی کوشندەدا دەژی، کە دەبوو برینە سارێژ نەبووەکەیلە لایەن هەموانەوە لەسەرووی هەر ململانێی و بەرژەوەندیەکدا لەبەرچاو بگیرێت و دەرفەتێکی وا نەدرێتە دەست میدیایەکی وەك میدیای عەرەبی(کەبێ دەنگیەکی بێئابڕووانەی لەبەرامبەر مەرگباران کردنی هەڵەبجەدا نواند)کە هەوڵبدات زوومی کامێراکانی شەڕی ئەمریکا لە ئەفغانستان و ئەگەری پەرینەوەی بۆ ولاتانی عەرەبیەوە، وەربگێڕێتە سەرهەڵەبجە و بەمەبەستێکەوە بپرسێت ( تۆبڵێی هەڵەبجەی باکووری عێراق نەبێتە (تۆرا بۆرا) یەکی تر؟

هەروەك (یوسف الشریف)ی پەیامنێری کەناڵی( الجزیرە )لە سەردانی ئەم دواییەی بۆ کوردستان لە هەڵەبجە بەم پرسیارە کۆتایی بە راپۆرتەکەی هێنا!!